# دەوڵەتی قەتەڕ

# دولة قطر




## دەستپێك:

قەتەڕ نیمچە دوورگەیەکە دەکەوێتە کەناری رۆژهەڵاتی نیمچە دوورگەی عەرەبی. لە 3 ئەیلولی 1971 سەربەخۆیی وەرگرت لە ئەنجامی کۆتایی هاتن بەو پەیماننامەیەی کە لە نێوان قەتەر لە لایەن شێخ عبد الله بن جاسمی دووەم و بەریتانیا هەبوو لە 1916، بۆیە هەر لە مانگی ئەیلولی 1971 قەتەڕ بووە ئەندام لە کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی و نەتەوە یەکگرتووەکان.

قەتەر دابەشی سەر حەوت ناوچەی ئیداری دەبێتەوە، ئەوانیش: (الدوحة، والضعاين، والخَور، والوَكرة، والريان، والشمال، وأم صلال) ن.

سیستمە سیاسییەکەی پادشایی بۆماوەیی وراثیە.

## دامەزراوە فەرمیەکان لە سیستمی سیاسی قەتەڕ

1- دەسەڵاتی جێبەجێکردن

2- دەسەڵاتی یاسادانان

3- دەسەڵاتی دادوەریی

### 1- دەسەڵاتی جێبەجێکردن:

یەکەم/ ئەمیر: ئەمیر سەرۆکایەتی ئەم دەسەڵاتە دەکات بە هاوکاری ئەنجومەنی وەزیران. لە دەسەڵاتەکانی ئەمیر:

أ- نوێنەرایەتی دەوڵەت دەکات لە ناوەخۆ و دەرەوە لە هەموو پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان.

ب- بە هاوکاری ئەنجومەنی وەزیران سیاسەتی گشتی دەوڵەت دادەڕێژێت لە تەواوی بوارە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.

ج- یاسا و مەراسیمەکان دەردەکات و سەرپەرشتی جێبەجێکردنیان دەکات وەك گەرەنتیەك بۆ یاسا.

د- داوای بەستنی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران دەکات بە گوێرەی پێویست و خۆی سەرپەرشتی کۆبوونەوەکا دەکات.

هـ- سەرکردەی هێزە چەکدارەکان دەکات.

و- فەرمانبەرانی مەدەنی و سەربازی دادەمەزرێنێت و لایاندەبات بە گوێرەی یاسا.

## دووەم/ ئەنجومەنی وەزیران:

ئەمیر سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان دادەنێت و داوای دەست لەکارکێشانەوەیان قبوڵ دەکات و لەکارەکەیان دووریان دەخاتەوە.

وە پێکهێنانی کابینەی ئەنجومەنی وەزیران بە فەرمانی ئەمیر دەبێت، هەر ئەمیریش دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان دیاری دەکات.

## لە کارەکانی ئەنجومەنی وەزیران:

- پێشنیازکردنی پڕۆچە یاسایەکان. وە بەرزکردنەوەیان بۆ ئەنجومەنی راوێژ بۆ گفتوگۆکردن لەبارەیانەوە و دەربڕینی رای خۆیان لەبارەیەوە بەر لەوەی بەرز بکرێتەوە بۆ ئەمیر.
- سەرپەرشتیکردنی جێبەجێکردنی یاساکان و بڕیارەکان و حوکمەکانی دادگا.
- چاودێریکردنی سیستمی دارایی و کارگێڕی حکومی.
- داڕشتنی پلانە گشتییەکان لەبارەی ئاسایشی ناوەخۆ و پارێزگاریکردن لە سیستم.
- سەرپەرشتیکردنی پرۆژە ئابوورییەکان و هۆکارەکانی جێبەجێکردنیان.

## 2- دەسەڵاتی یاسادانان:

لە یەك ئەنجومەن پێکدێت ئەویش ئەنجومەنی راوێژە. ئەم ئەنجومەنەش لە لایەن ئەمیرەوە دیار دەکرێت شەش ساڵ جارێك. لە 35 ئەندام پێکدێت، وە ئەمیر دەتوانێت ئەندامی تر دیاری بکات ئەگەر پێویست بوو.

## کارەکانی ئەنجومەنی راوێژ:

یەکەم/ گفتوگۆکردن لە بارەی سیاسەتی گشتی دەوڵەت لە بوارە سیاسی و ئابوورییەکان و کارگێڕییەکان و ئەو پڕۆژە یاسایانەی لە لایەن ئەنجومەنی وەزیران بۆی بەرز دەکرێنەوە هاوکات لەگەڵ پڕۆژەی بودجەی گشتی.

دووەم/ داواکردنی زانیاری لە بارەی کاروبارە ناوەخۆییەکان لە تایبەتمەندییەکانی ئەنجومەنی وەزیران سەبارەت بەو کارانەی پەیوەستن بە سیاسەتی گشتی حکومەت.

سێیەم/ پێشکەشکردنی راسپاردە بۆ ئەو کارانەی پەیوەستن بەم دوو خاڵەی سەرەوە.

## 3- دەسەڵاتی دادوەریی:

دادپەروەری و دادوەریی کۆڵەکەی سەرەکی حوکمن قە سیستمی سیاسی قەتەر بەو پێیەی لە دەستور هاتووە.

ئەمیر دەسەڵاتی هەیە گۆڕانکاری بکات لەم دەسەڵاتە لە میانەی هەموارکردن و لادان و زیادکردن ئەگەر بەرژەوەندی باڵای دەوڵەت پێویستی بەوە بوو.